


شماره ۵
هزرگه



## پێشەکی:

ژمارەی پێنجەمی گۆڤاری هزرگە، پێکدێت لە چەند بابەتێکی هەمەڕەنگی زانستی. لە ژمارەی نوێی گۆڤارەکەدا، هەوڵدراوە کە چەند بابەتێکی نوێی زانستی بخرێتە بەرباس.ئەم ژمارەیەی گۆڤاری هزرگە دەکرێت وەک کۆتا ژمارەی گۆڤارەکە سەرنجی بدەینێ، لەبەر ئەو هۆکارەی پێمان وایە گۆڤارەکە پێویستی بە وەستانێکی کاتییە، نەک هزرگە! بۆ زیاتر ڕێکخستنەوە و باشترکردنی گۆڤارەکە. ئێمە پێمان وایە؛ زانست بەردەوامی دەبێت بەو واتایەی: بەردەوام لە گۆڕانکاریدا دەبێت، بۆ ئەوەی هۆشیارانە مامەلە لەگەڵ زانستدا بکەین، پێویستمان بە بوونی گۆڤاری زانستی و پەرتووکی زانستییە، چوون کۆمەڵگەی ئێمە هێندەی بەرکەوتەی لەگەڵ خورافەدا هەبووە، بەرکەوتەیی لەگەڵ زانستدا نەبووە. کاتێک کۆمەڵگەیەکیش توانای بەرزکردنەوەی هۆشیاری نەبێت بەرامبەر پێشکەوتنە زانستییەکان ناتوانێت هەنگاو بنێت بەرەو ئێستا و داهاتوو. ڕەنگە لە ئێستادا بووەستین بەڵام؛ ئەمە بە واتای کۆتایی گۆڤارەکە نایەت بەڵکو هەوڵدانیەت بۆ گەیشتن بە خەون و ئامانجی گەورەتر و چالاکی زیاتر.







هزرگه ژمارەی پێنجەم

## ناوەڕۆک:

چۆن بۆزۆنی هیگز دۆزرایەوە؟
نووسینی: بریان گرین
وەرگێڕانی: سەنگەر عەبدولکەریم

یا مردن، یا مەریخ.
نووسینی:میچیۆ کاکۆ
وەرگێڕانی: زمناکۆ پەرڤازی

هەژدیهاکەی ناو گەراجەکەم.
نووسینی: کارڵ ساگان
وەرگێڕانی: شاکار شابان

رایەلە نیورۆنییە قوولەکان یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن لە مێشکەکان.
نووسینی: ئانۆڵ ئاناساسوامی
وەرگێڕانی: کامۆ ئاراز

پیرۆزی و زانست.
نووسینی: ئەلەند ڕزگار

ماشێنی کات لەنێوان ڕاستی و خەیاڵدا.
نووسینی: ڕەوا زەیدان

میکرۆبە سوودبەخشەکانی ڕیخۆلەی مرۆڤ.گەردێک درووست دەکەن کە دژ بە بەکتریا زیانبەخشەکان بەرگری لە جەستە دەکات.
نووسین و ئامادەکردن: شەنیار جەلال

بایۆگرافیک: بۆلتزمان
ئامادەکردنی: دابان ژیان

سەرنووسەر: ئەلەند ڕزگار

پێداچوونەوەی زمانەوانی: هەرێم عوسمان

دیزاینەر: کۆژان کاسۆ

ئەم چەشانەن لە مۆدێل کارێکی باش دەکەن لە لەبەرگرتنەوەی ڕەفتارەکانی مرۆڤ. بەڵام: شتێک هەیە سەبارەت بەوان کە هەڵەیە." لە زانکۆی ستاندفۆرد. یامینس دەگەڕێت بە دوای چەند ڕێگایەکدا کە لە ئەم مۆدێلانەدا هێشتا نەبوو بێتنە وێنایەک بۆ مێشک. بۆ نموونە، زۆرێک لەم مۆدێلانە پێویستیانە بە بارگەلێک لە داتای نیشانەکراو بۆ ڕاهێنانیان. لە کاتێکدا مێشکمان بەبێ هیچ ئەزیەتێک دەتوانێت لە نموونەیەکی سادەوە فێر ببێت. هەوڵ و کۆششەکان لە ڕێگەن بۆ درووستکردنی ڕایەڵەی قووڵ کە بەبێ سەرپەرشتی بەهەمان ئەندازەی کاریگەر توانستی فێربوونیان هەبێت. ڕایەڵە قووڵەکان فێر دەبن ئالگۆریتمێک بەکار بهێنن کە پێی دەگوترێت پشتە-بڵاوبوونەوە. کە زۆرینەی مێشکناسەکان پێیان وایە ناتوانرێت لە شانەی نیورۆنی ڕاستەقینەدا بەکار بهێنرێن چونکە کەمایەسیان هەیە لە بەستراوەیی. یامینس دەڵێت "هەندێک پێشکەوتنی مەزن بە دەست هاتوون سەبارەت بەوەی چ یاسایەکی فێرکردنی بایۆلۆژیانە بەجێیە کە دەتوانێت بەڕاستی کار بکات." جۆش تێنێنباوم مێشکناسێکی ئەقڵناسە لە پەیمانگای ماساچوسێتس لەگەڵ ئەوەی دەڵێت کە ئەم ڕایەڵە قووڵانە بەڕاستی هەنگاوی پێشکەوتنی گەورەن بەڵام: ئەوان زیاتر تەنیا ئەرکی پۆلێنکردن و بە کەتێکگۆڕیکردن دەکەن. ئەمەش لە کاتێکدا مێشکمان زیاد لە کرداری بە کەتێکگۆڕیکردن جێبەجێ دەکات سەبارەت بەوەی چی لە دەوروبەرماندا هەیە. ڕژێمی بینایمان دەتوانێت تێبگات لە ئەندازەزانی سەرڕووەکان و دیمەنە سێ ڕەهەندەکان، و دەشتوانێت تێشبگات لەو فاکتەرانەی هۆکاری شتەکانن— بۆ نموونە دەتوانێت لە هەمان ئان و ساتدا هەڵیهێنێت کە کارێک دیار نامێنێت چونکە ئۆتۆمبێلێک پێشی پێ دەگرێت. بۆ تێگەیشتن لەم توانستەی مێشک، ئیلکێر یەڵدریم، کە پێشتر لە ماساچوسێتس بوو و ئێستا لە یەیڵ، لەگەڵ تێنێنباوم و هاوکارەکانی دی کاری کردووە بۆ درووستکردنی شتێک کە پێی دەگوترێت مۆدێلی گرافیکی پێچەوانەیی لێهاتوو. لەو پارامیتەرانەوە دەست پێدەکات کە وەسفی سیمایەک دەکەن تاوەکو لە باکگراوندێکدا نیشان بدرێت، لەوانە شێوەکەی، هێڵەکانی، ئاراستەی ڕووناکییەکان، چۆنیەتی دانانی سەرەکە و هتد. پرۆگرامێکی گرافیکی کۆمپیوتەری کە پێی دەگوترێت مۆدێلی بەرهەمهێن دیمەنێکی سێ ڕەهەندی درووست دەکات لە ڕێی پارامیتەرەکانەوە: دوای زنجیرەیەک لە پرۆسێسکردن، وێنەیەکی دوو ڕەهەندی ئەو دیمەنە بەرهەم دەهێنێت هەروەکو ئەوەی لێی ڕوانراوە لە گۆشەی دیاریکراوەوە. بە بەکارهێنانی داتا سێ ڕەهەندی و دوو ڕەهەندییەکانی مۆدێلی بەرهەمهێنەکەوە، توێژەرەکان فێرژێکی دەستکاریکراوی ئەلێکسنێتیان بەکارهێنا بۆ پێشبینیکردنی پارامیتەرە ئەگەرییەکانی دیمەنێکی سێ ڕەهەندی لە وێنەیەکی دوو ڕەهەندی ئەناسراودا. تێنێنباوم دەڵێت "سیستەمەکە فێر دەبێت کە بۆ دواوە بگەڕێتەوە لە کاردانەوە بۆ هۆکار، لە وێنەی دوو ڕەهەندیەوە بۆ سیمەنی سێ ڕەهەندی کە بەرهەمی هێناوە." تیمەکە مۆدێلەکەی خۆیان تاقیکردەوە بە دووپاتکردنەوەی پێشبینییەکانی سەبارەت بە چالاکییەکانی لە بەشی خوارەوەی لاجانگە پلی مەیموونی ماکاک. ئەوان ١٧٠ وێنەیان نیشانی مەیموونەکان دا، وێنەکان ٢٠ کەسیان لە خۆ گرت بوو لە حەوت شێوازی ڕاوەستانی جیاوازدا، ئینجا واژووە نیورۆنییەکانیان تۆمارکرد لەو ناوچانەی کە تایبەتن بە پرۆسێسکردنی ناسینەوەی سیماکان. وێنەکانیشیان نیشانی ڕایەڵە قووڵەکان دا. لە ڕایەڵەکەدام چالاکبوونی نیورۆنە دەستکردەکان لە یەکەم چیندا هێمایە بۆ وێنەی دوو ڕەهەندی و چالاکبوونیش لە کۆتا چیندا ئاماژەیە بۆ پارامیتەرە سێ ڕەهەندییەکان. تێنێنباوم وتی "بەدرێژایی پرۆسەکە، بە چەند گۆڕانکارییەکدا دەڕوات، کە وا دەردەکەوێت لە دوو ڕەهەندیەوە بتگەیەنێت بە سێ ڕەهەندی."

ئەوان دۆزیانەوە کە سێ چینی کۆتایی ڕایەڵەکە بە شێوەیەکی بەرچاو هاوشان بوون لەگەڵ سێ چینی ڕایەڵە نیورۆنییەکانی مەیموونەکە کە پەیوەست بوون بە پرۆسێسکردنی ناسینەوەی دەموچاو. ئەمەش ئەوە پێشنیار دەکات کە مێشک کۆمەڵێک مۆدێلی ناسینەوە و بەرهەمهێنەر بەکار دەهێنێت، نەک تەنیا لەبەر ناسینەوە و خەسڵەت پێدان بەڵکو لە هەمانکاتدا بۆ هەڵهێنانی تێگەیشتنی ستراکتۆرە هۆکارییەکان لەو دیمەنانەی کە پرۆسێس دەکرێن. ئەمانە هەمووی لە چرکەساتێکدا ڕوو دەدەن. تێنێنباوم دان بەوەدا دەنێت کە مۆدێلەکەیان ئەوە ناسەلمێنێت کە مێشک بەو جۆرە کار دەکات. هەر بۆیە دەڵێت "بەڵام: ئەمە ئەو دەرگایە واڵا دەکات کە زیدەتر پرسیار بکەین دەربارەی ڕێگە میکانیکییەکان. ئەم تاقیکردنەوانە هانمان دەدەن کە پێیاندا تێپەڕ ببین."





پەراوێز:

١ primate visual system
٢ ventral visual stream
٣ dorsal visual stream
٤ Lateral geniculate nucleus
٥ V1
٦ primary visual cortex
٧ V2 & V4
٨ inferior temporal cortex
٩ convolution
١٠ convolutional neural network
١١ CNN
١٢ hard-code
١٣ non-primary auditory cortex
١٤ fusiform face area

سەرچاوە:

Anathaswamy, Anil. "deep neural networks help to explain living brains." quanta magazine, October 28, 2020

لە ڕێگەی کارکردن لەسەر هۆرمۆنەکان و دەمارە خانەکان کە دەکرێت کەسێتی مرۆڤەکە بگۆڕدرێت و کاری لەسەر بکرێت. لێرەدا دەکرێ سەرنجی دوو شت بدەین: یەکەم، تێڕوانینێکی جیاوازە بۆ ئەو شتەی کە ئێمە بە جەستە ناوی دەبەین و وازهێنانە لە ڕووکەش و وردبوونەوەیە لە ناوەڕۆک. دووەم، ئەوەی کە زانستی پزیشکی یاخود زانستی کیمیای کۆنترۆڵی جەستەی مرۆڤ بکات لە ڕێگەی هۆرمۆنەکان و کارتێکەرەکانی دیکەوە و مرۆڤ بێتە بەندەیەک بۆ خودایەک کە ناوی زانستکارە. دواجار لەم ڕێگەیەوە کۆی ئەخلاقیاتی زانست دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە کە دەشێ وەڵامەکەی لە ڕێگەی فەلسەفەوە بدرێتەوە. هەروەها هەوڵی زانست بۆ ئاشنابوون بە دەرەوەی هەسارەی زەوی و گەشتکردن بۆ هەسارەکانی دیکە خەونێکی لە مێژینەیی مرۆڤ بووە. یەکەم گەشتی مرۆڤ بۆ سەرمانگ بوو کە ئەمەش هەوڵێکی گرنگ بوو، زانستکاران بەردەوامبوون بۆ ئاشنابوون بە سەرجەم هەسارەکانی دیکە. هەوڵدانی مرۆڤ بۆ گەشتکردن بۆ سەر هەسارەیەکی دیکە: هەوڵدانییەتی بۆ دۆزینەوەی ژیان لە شوێنێکی دیکە و ئامادەکاری بۆ بەجێهێشتنی شوێنێک کە لە پاش ملیۆنەها ساڵی دیکە ئەگەری لەناوچوونی هەیە. لێرەشدا دەگەین بەوەی بڵێین: زانست، کارکردنە لەسەر ئەو بابەتانەی کە لە ڕێگەی تاقیکردنەوە و دۆزینەوە وردبینەکانەوە کاریان لەسەر دەکرێت بۆ پشتڕاستکردنەوەیان، هەرکات ئەم کردە ڕەخنەگر و تاقیکارییانە بۆ تێڕوانین لە شتەکان دەرکران، ئەوە ئێمە خاوەنی زانست نین بەڵکو خاوەنی ئایدۆلۆژیایەکی دۆگمای زانستین.

لە زانستدا پرسی قەدەغەکراو نییە
بابەتی، هەستیار و سزائامێز بۆ پرسین بوونی نییە
لە زانستدا هیچ ڕاستییەک پیرۆزکراو نییە!

(کارڵ ساگان)





هزرگە ژمارەی پێنجەم

## بایۆگرافیک/ بۆڵتزمان

نووسین و ئامادەکردنی: دابان ژیان

لودویگ بۆڵتزمان یەکێک بوو لە سەرمەشقانی فیزیای بیردۆزی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە. هەر لەو سەردەمەوە بڕوای بە بوونی گەردیلە هەبووە. و ناسراوە بە یەکێک لە پەرەپێدەرانی میکانیکی ئاماریی. ئەو وەسفی یاسای دووەمی داینامیکی گەرمی کرد بە لێکدانەوەیەکی ئامارییانە و خزمەتی زۆری بیردۆزی جوڵەی گازەکانی کرد.

### سەرەتای ژیانی و کاروانی خوێندنی

لودویگ بۆڵتزمان لە ٢٠ـی فابرایەری ساڵی ١٨٤٤ لە شاری ڤییەنا لەدایک بووە، سەرەتا لەسەر دەستی مامۆستایەکی تایبەت خوێندوویەتیی و دواتریش چۆتە قوتابخانەیەکی نموونەیی لە ناوچەکەی خۆیان. هەر لە زووەوە توانایەکی زۆری لە ماتماتیک و زانست نیشان دا. لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا، بۆڵتزمان خوێندنی لە زانکۆی ڤییەنا تەواو کرد، و دوای سێ ساڵی تر خوێندنی دکتۆرای تەواو کرد لە بواری ماتماتیک و فیزیا لە ساڵی ١٨٦٦. نامەی دکتۆراکەی سەبارەت بە بیردۆزی جوڵەی گازەکان نووسی.

### بۆڵتزمان لە بواری فەلسەفە

سەرەڕای ئەوەی بۆڵتزمان خۆی وەک فەیلەسوف نەدەناساند و ڕەخنەی هەبوو لە فەلسەفەی پەیوەندیدار بە زانست، بەڵام؛ لە کۆتاییەکانی کاروانی ژیانیدا، خزمەتی بە بەشێکی فەلسەفە کرد لە سنووری زانستە سرووشتییەکان، تەنانەت هەندێک وانەشی پێشکەشکرد لە زانکۆی ڤییەنا. لەبەرئەوەی کارەکانی بۆڵتزمان هەردەم جێگای مشتومڕ و گومان بوون، لە زانکۆی لایپزیک، بۆڵتزمان چەندان گفتوگۆی گەرموگوڕی دادەگیرساند لەگەڵ هاوپیشەکەی پرۆفیسۆر ئۆستوێڵد. هەرچەندە بۆڵتزمان بەسەرکەوتووی بیروڕا و باوەڕی خۆی بۆ بوونی گەردیلە قایم کرد، بەڵام؛ ئەم بەربەرەکییە سەریهەڵکێشا بەرەو بیرۆکەی خۆکوژییانە. سەرەڕای ئەوەی ڕەخنەی لە کارەکانی هیگڵ و شۆپنهاوەر گرتووە و هەروەها بیرۆکە میتافیزیکییەکانی ڕەت کردۆتەوە، بەڵام؛ لە کۆتاییدا، ئەو قەناعەتەی هەبووە کە بە تێکەڵ کردنی هەردوو بواری فیزیا و فەلسەفە دەکرێت دەرەنەنجامی سەرنج ڕاکێش دەست بکەوێت.

### کارە زانستییەکانی

یەکەم خزمەتی بۆڵتزمان لە بواری فیزیادا گشتاندنی پەیوەندی نێوان خێرایی و وزە بوو بۆ سامپڵێکی گەردیلەی گاز. بۆڵتزمان وەسفی یاسای دووەمی داینامیکی گەرمی کرد لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٠ بە بەکارهێنانی بیردۆزی گەردیلەیی. یاسای بەناوبانگی ئینترۆپی بۆڵتزمانی داڕشت لەساڵەکانی ١٨٧٢ تاوەکو ١٨٧٥، و دواتریش ماکس پلانک پەرەی پێدا لە ساڵی ١٩٠٠.

بۆڵتزمان نیشانی دا کە دەکرێت وەسفی یاسای دووەمی میکانیکی گەرمی بکرێت بە تێکەڵ کردنی یاسای میکانیکی جوڵەی ئەتۆمەکان لەگەڵ بیردۆزی ئەگەرەکان. بۆڵتزمان یەکێک بوو لە یەکەمین ئەو کەسانەی کە لە گرینگی بیردۆزی کارۆموگناتیسی جەیمس ماکسوێڵ تێگەیشت. دوو ناميلکەی سەبارەت بەم بیردۆزەی ماکسوێڵ نووسی. لەوەش زیاتر بۆڵتزمان کاری لەسەر سەلماندنی تیشکدانی تەنی ڕەش کرد بە بەکارهێنانی یاسای ستیفان. ئەم بابەتەش دواتر بوو بە گەوهەرێکی ڕاستەقینە بۆ فیزیای بیردۆزی. و هەروەها بۆڵتزمان وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی بیردۆزی میکانیکی کوانتەم هەژمار دەکرێت، چونکە ئەو پێشنیازی بە بڕ بوونی ئاستە وزەی سیستەمە فیزیاییەکانی دەکرد.

### کاروانی مامۆستایەتی

لودویگ بۆڵتزمان یەکەم پیشەی مامۆستایەتی بەدەست هێنا لە ساڵی ١٨٦٩ وەک پرۆفیسۆری فیزیای ماتماتیکی لە زانکۆی گراز. ئەو وانەی ماتماتیک و بابەتی تاقیکاری و فیزیای بیردۆزی لە چەندان زانکۆی جیاوازدا گوتەوە لەماوەی ژیانیدا، بەڵام؛ خولیای گەورەی ئەو فیزیای بیردۆزی بوو. بەپێی چەندان لە قوتابییەکانی، بۆڵتزمان مامۆستاییەکی نموونەیی بووە، و وانەکانی زۆر خۆش بوونە. ڕەفتاری بەرانبەر قوتابییەکانی و فێرکردنیان باش بووە. ئەو جۆرە فێرکارییە لەو کاتە دەگمەن بووە لەلایەن پرۆفیسۆرە ئەڵمانی و ئەمساوییەکان. لە ڤییەنا بۆڵتزمان هەم وانەی فیزیا، هەم فەلسەفەشی گوتۆتەوە، بەتایبەت وانە لەسەر فەلسەفە سرووشتییەکان کە سەرنجی خەڵکێکی زۆری بۆلای خۆی ڕاکێشا. سەرەڕای ئەوەی گەورەترین هۆڵی وانەووتنەوەی پێدرا بوو، بەڵام؛ هێشتا شوێن نەبووە لەبەر جەنجالی و خەڵکی لەسەر پەیژەکانەوە گوێیان لە وانەکانی گرتووە. بیردۆزی جوڵەی گازەکان گرینگییەکی زۆری هەیە لە تێگەشتن لە ڕەفتاری دۆخی گازیی. ئەم بیردۆزە زۆر بەکارامەیی کاردەکات بۆ ئەو سیستەمانەی کە تەنۆلکەکانیان شوێن و مەجالی زۆریان هەیە لەنێوانییان و بەریەک کەوتنیان دەگمەنە. هەروەها بەکاردێت لە خوێندنی تۆز و گازی گەردوونی و ئیۆنەستێرەیی. بیردۆزی جوڵەوزەی گازەکان گرینگی ئەوتۆی هەیە لە خوێندنی پلازما خێرا ئزمەکان. بۆڵتزمان وەسفی ئامارییانەی یاسای دووەمی داینامیکی گەرمی کرد، ئەو وەسفەش بوو بە بناغەی میکانیکی ئاماریی. پرەنسیپەکەی بۆڵتزمان وەسفی ئینترۆپی سیستەمێکی داینامیکی گەرمی دەکات لە حاڵەتی هاوسەنگی گەرمیدا. ئینترۆپی خۆی لە خۆیدا بریتییە لە: تایبەتمەندییەکی داینامیکی گەرمی کە وەکو پردی یەکبەستن مامەڵە دەکات لە نێوان تایبەتمەندی جیهانی سیستەمە بچووکەکان و گەورەکان. لەبەرئەوە، یاسای ئینترۆپی بۆڵتزمان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە بەیەکبەستنەوەی دوو لقی گرینگی فیزیا، میکانیکی ئاماریی و داینامیکی گەرمی. بۆڵتزمان چەندان یاسا و نەگۆڕ و گراف و کار و دەستکەوتی گرینگی بەناوی خۆی تۆمار کردووە؛ بۆ نموونە، نەگۆڕی بۆڵتزمان، یاسای بۆڵتزمان بۆ ئینترۆپی و نەگۆڕ و یاسای ستیفان-بۆڵتزمان و گرافی بۆڵتزمان و ئاماری ماکسوێڵ- بۆڵتزمان...هتد.







کومانی تێدا نییە کارەکانی بۆڵتزمان گرینگییەکی زۆریان هەیە لە زانستدا، بەڵام؛ گرینگی کارەکانی هەردەم شک و گومانیان لەسەر بوو لەو کاتەی کە خۆی لە ژیاندا مابوو، ئەو بیروباوەڕی زۆری بە بوونی دیدگای ئەتۆمی بۆ مادده هەبوو، بەهەرجۆرێک بێت، لە سەردەمی بۆڵتزمان، بیرمەند و هاوپیشانی وەک، ماخ و ئۆستوێڵد بیروڕاکانی ئەویان ڕەت دەکردەوە و بەربەرەکانییەکی سەختیی بیرۆکەکانیان دەکرد. بیرۆکەکانی ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر توند دەبوونەوە. زۆرینەی خەڵکی باوەڕیان بە بوونی حەقیقەتی گەردیی نەبوو، و بەو وەسفەش نەبوو کە بۆڵتزمان بۆی دەکردن. بۆڵتزمان کێشەی ناسەقامگیری هەست و ئەستی هەبوو و تووشی خەمۆکی دەبوو، دەکرا جەوی لە دڵخۆشییەکی گەورەوە بگۆڕابا بۆ خەمۆکییەکی قووڵ لە ماوەیەکی زۆر کورتدا. بەردەوام هێرش دەکرانە سەرکارەکانی و ڕەخنەیان لێدەگیرا. ئەو وای هەست کرد کار و ماندووبوونی هەموو ژیانی بە هەدەر دەڕوات. لە کۆتاییەکەیدا، دوای تێپەڕبوون بە خەمۆکییەکی توند و تەندرووستییەکی ناجێگیر لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە، لە پێنجی سێپتێمبەری ساڵی ١٩٠٦، بۆڵتزمان خۆی کوشت، لە کاتێکدا لە گەشتدا بوو لەگەڵ هاوسەر و کیژۆڵەکەی. بۆڵتزمان خۆی هەڵواسی لەو ساتەی هاوسەر و منداڵەکەی مەلەیان دەکرد. ئەوەی جێگەی داخە، دوای چەند هەفتەیەک لە خۆکوژییەکەی بۆڵتزمان، کارەکانی بە تاقیکردنەوە سەلمێنران، و بیردۆزە ئەتۆمییەکان پشتڕاست کرانەوە. ئێستاکە بۆڵتزمان وەک زانایەکی گەورەی فیزیا دەناسرێت و ڕۆڵی گرینگی هەبووە لە داڕشتنی لقێکی نوێی فیزیا. هەرچی بیرۆکە فەلسەفییەکانیەتیی، بەهەمانشێوە جێگەی بایەخ و تێگەیشتن. ئێستاش لەسەر کێڵەبەردی گۆڕەکەی یاسای بەناوبانگی ئینترۆپی بۆڵتزمان داتاشراوە وەکو ڕێزلێنانێک لە بلیمەتی ئەم پیاوە.



هزرگە ژمارەی پێنجەم





چۆن بۆزۆنی هیگز دۆزرایەوە؟
یا مردن، یا مەریخ
هەژدیهاکەی ناو گەراجەکەم
ڕایەڵە نیورۆنییە قووڵەکان یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن لە مێشکەکان
پیرۆزی و زانست
ماشێنی کات لەنێوان ڕاستی و خەیاڵدا
میکرۆبە سوودبەخشەکانی ڕیخۆڵەی مرۆڤ، گەردێک درووست دەکەن کە دژ بە بەکتریا زیانبەخشەکان بەرگریی لە جەستە دەکات
چیرۆکی تراژیدی بۆڵتزمان

